**ڕاگەیەنداوی ڕۆژنامەوانی**

سندوقی فیلمی کوردستان بە فەرمی یەکەمین بانگەوازی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری ڕادەگەیەنێت، ئەمەش وەرچەرخانێکی نوێیە لە مێژووی سینەمای کوردیدا.

ئەم سندوقە نیشتمانییە بە بڕی ٢ ملیۆن دۆلاری ساڵانە، پاڵپشتی سینەماکاران و فیلمسازە کوردەکان دەکات لەسەر ئاستی جیهان و پیشەسازی نوێی بواری بینراو و بیستراو (Audiovisual) و هاوبەشییە نێودەوڵەتییەکانی کوردستان بەهێزتر دەکات.

هەرێمی کوردستان، عێراق، ١ی ئەیلوولی ٢٠٢٦ – سندوقی فیلمی کوردستان (Kurdistan Film Fund) بە فەرمی دەرگای بۆ یەکەمین خولی پێشکەشکردنی داواکاری کردەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ و مێژووییە لە گەشەپێدانی سینەمای کوردی و کەرتی بینراو و بیستراو لە هەرێمی کوردستاندا.

سندوقی فیلمی کوردستان لەلایەن "باقی یاسین" سەرۆکی "کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان" ( Kurdistan Film Commission)ـەوە دامەزراوە. ئەمە یەکەمین دامەزراوەی نیشتمانیی لەم جۆرەیە کە تایبەت کراوە بۆ پاڵپشتیکردنی سینەماکاران و فیلمسازانی کورد لە سەرانسەری جیهاندا.

بە تەرخانکردنی بڕی ٢ ملیۆن دۆلاری ساڵانە کە بەسەر دوو خولی پێشکەشکردندا دابەش دەکرێت، سندوقەکە پاڵپشتی دارایی پێشکەش بە پڕۆژەکان دەکات لە قۆناغە جیاوازەکانی فیلمسازیدا، لەوانە:

- گەشەپێدان
- بەرهەمهێنان
- بەرهەمهێنانی هاوبەش
- پاش بەرهەمهێنان(Post-production)
- بڵاوکردنەوە.

یەکەمین خولی پێشکەشکردنی داواکاری لە ١ی ئەیلوولی ٢٠٢٦ دەستپێدەکات و تاوەکو ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٦ بەردەوام دەبێت.

باقی یاسین، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان، ڕایگەیاند: "ئەم سندوقە لوتکەی ساڵانێک کارکردن و باوەڕبوونێکی قووڵە بەوەی کە سینەمای کوردی شایستەی پێگەی خۆیەتی لەسەر ئاستی جیهان. ئێمە لە ڕێگەی سندوقی فیلمی کوردستانەوە تەنها وەبەرهێنان لە فیلمدا ناکەین، بەڵکو وەبەرهێنان لە نەوەیەکی فیلمسازان و سینەماکارانی کورد و لە ئایندەی ناسنامەی کولتووریماندا دەکەین."

**بنیاتنانی پیشەسازی نەک تەنها دابینکردنی بودجە**

دامەزراندنی سندوقی فیلمی کوردستان بەشێکە لە ستراتیژییەکی فراوانتر بۆ بنیاتنان و بەردەوامیدان بە ژینگەیەکی پیشەگەرانەی (Audiovisual) لە هەرێمی کوردستاندا.

هاوتای پاڵپشتی دارایی، کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان کار دەکات بۆ داڕشتنی ئەو بنەمایانەی کە پێویستن بۆ پیشەسازییەکی بەردەوام، ئەوەش لە ڕێگەی بەرنامەی ڕاهێنانی پیشەیی، وۆرکشۆپ، ماستەرکلاس، تاقیگەی فیلم، پاڵپشتی بەرهەمهێنان، هاوبەشی نێودەوڵەتی و ژێرخانی پیشەسازی درێژخایەن.

Hera Business Centre, Medya Street, Floor 3, No. 30–31
Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq 46001
www.kfo.krd | info@kfo.krd

ئامانجەکە دروستکردنی ژینگەیەکە کە تێیدا سینەماکارانی کورد بتوانن لێهاتووییەکانیان پەرە پێبدەن و کاروانی پیشەیی بەردەوام بنیات بنێن و بەرهەمێک بخەنە ڕوو کە توانای ڕکابەری و هاوبەشی نێودەوڵەتی هەبێت. وەک باقی یاسین لە کاتی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی سندوقەکە لە "مارشێ دو فیلم" (Marché Du Film) لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی فیلمی کان ئاماژەی پێدا، ئامانجە درێژخایەنەکە ڕوونە: "بنیاتنانی پیشەسازییەکی نوێ لە کوردستان."

لەبەر ئەوە، سندوقەکە تەنها ئامرازێکی دابینکردنی دارایی نییە، بەڵکو وەک بەشێک لە سیستەمێکی پەیوەست بە یەکترەوە داڕێژراوە کە بودجە، گەشەپێدانی پیشەیی و دەستڕاگەیشتن بە ئاستی نێودەوڵەتی پێکەوە گرێ دەدات.

باقی یاسین لە 'کان' وتی: "مەبەستەکە زۆری و چەندایەتی نییە، بەڵکو کوالیتییە. سندوقەکە کار لەسەر هێڵێکی بنەڕەتی دەکات: دڵنیابوونەوە لەوەی کوالێتی بەرهەمە کوردییەکان بگاتە ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی."

**چیرۆکە کوردییەکان، لە دیدگایەکی کوردیەوە**

ئەم سندوقە پابەندبوونێکە بۆ بەهێزکردنی گێڕانەوەی چیرۆکی کورد و پێدانی پاڵپشتییەکی دامەزراوەیی زیاتر بە فیلمسازان بۆ ئەوەی چیرۆکەکانیان لە ڕەگی کولتوور و ئەزموون و دیدگای خۆیانەوە بگێڕنەوە.

سندوقەکە بۆ سینەماکارانی کورد و پرۆژە شایستەکان چ لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و چ بۆ کورد لە هەموو جیهاندا کراوە دەبێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشتی جیهانیی کۆمەڵگە کوردییەکان و بەهرەمەندە داهێنەرەکانە. پرۆژەکان دەبێت پەیوەندییەکی مانادار و ڕاستەقینەیان بە ناسنامە و کولتوور و زمان و کۆمەڵگە یان چیرۆکە کوردییەکانەوە هەبێت.

جۆرەکانی پرۆژە کە دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بریتین لە:

- فیلمی کورت
- فیلمی مامناوەند
- فیلمی درێژ (سینەمایی)
- زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان

باقی یاسین لە کاتی ناساندنی سندوقەکە لە فیستیڤاڵی کان وتی: "لە درێژایی مێژوودا، کەسانی تر چیرۆکی ئێمەیان گێڕاوەتەوە. ئێمە دەمانەوێت چیرۆکەکانمان لە دیدگای خۆمانەوە بگێڕینەوە، تاوەکو لە ڕێگەی هونەر، کولتوور و پیشەسازییە داهێنەرەکانەوە خۆمان لەسەر نەخشەی جیهان جێگیر بکەین."

**کردنەوەی کوردستان بەڕووی هاوبەشی نێودەوڵەتیدا**

هاوبەشی نێودەوڵەتی کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە ستراتیژی سندوقەکەدا. سندوقی فیلمی کوردستان ئامانجییەتی ڕێگەی بەهێزتر لە نێوان سینەماکارانی کورد، بەرهەمهێنەران، دابینکەرانی دارایی، کەناڵەکان، بڵاوکەرەوەکان، فیستیڤاڵەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دروست بکات.

بە پێدانی پاڵپشتی دامەزراوەیی و دارایی بە پرۆژە کوردییەکان، ئەم سندوقە کار لەسەر ئەوە دەکات کە بەرهەمهێنانی هاوبەش (Co-production) و هاوبەشی نێودەوڵەتی ئاسانتر بکات و یارمەتی چیرۆکە کوردییەکان بدات بگەنە بینەرانی دەرەوەی ناوچەکە. باقی یاسین وتی: "ئەمە دەروازەیەکە کە دەیکەینەوە بۆ دامەزراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان تاوەکو لەگەڵ بەهرەمەندە کوردەکانمان کار بکەن."

ئەم دەستپێشخەرییە لەسەر بنەمای ئامادەبوونی نێودەوڵەتیی و پەرەسەندنی کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان بونیات نراوە، لەوانە بەشداریکردنی لە "مارشێ دو فیلم" (Marché Du Film) لە فیستیڤاڵی فیلمی کان لە ساڵانی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦، کە تێیدا کۆمیسیۆن پەیوەندیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پیشەسازییەکە دروستکرد و کوردستانی وەک شوێنێکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و وەبەرهێنانی داهێنەرانە ناساند.

جگە لە پاڵپشتیکردنی سینەماکارانی کورد لە دەرەوە، کۆمیسیۆن کار دەکات بۆ ناساندنی سینەماکاران و بەرهەمهێنەرانی نێودەوڵەتی بە تواناکانی بەرهەمهێنان و بەهرەمەندەکان و شوێنە جیاوازەکانی وێنەگرتن لە هەرێمی کوردستاندا.

**سینەما وەک ژێرخانی کولتووری و ئابووری**

کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان تەنها وەک پلاتفۆرمێکی کولتووری سەیری کەرتی بینراو و بیستراو ناکات، بەڵکو وەک پیشەسازییەک کە توانای ڕەخساندنی هەلی کار، پەرەپێدانی بەهرەکان، ڕاکێشانی بەرهەمەکان، هاندانی گەشتیاری، دروستکردنی هەلی نوێی بۆ وەبەرهێنان و هاوبەشی نێودەوڵەتی هەیە.

لەبەر ئەوە، سندوقی فیلمی کوردستان ئامانجییەتی بەشدار بێت لە گەشەپێدانی کولتووری و ئابووری هەرێمی کوردستان.

کردنەوەی یەکەمین خولی پێشکەشکردنی داواکاری، سەرەتای هەوڵێکی درێژخایەنە بۆ دامەزراندنی ئەو پێکهاتە دامەزراوەییانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی سینەمای کوردی بە شێوەیەکی بەردەوام گەشە بکات و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕکابەری بکات.

بۆ سینەماکاران، ئەمە بە واتای دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەیەکی نوێی پاڵپشتی دێت. بۆ کەرتی بینراو و بیستراوی کوردی، ئەمە بەردی بناغەی شتێکی زۆر گەورەترە. و بۆ چیرۆکە کوردییەکان، ڕێگەیەکی بەهێزتر بەرەو جیهان دەکاتەوە.

یەکەمین بانگەواز بۆ پێشکەشکردنی داواکاری لە ١ی ئەیلوولی ٢٠٢٦ دەستپێدەکات و لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٦ کۆتایی دێت. سندوقی فیلمی کوردستان ساڵانە ٢ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، کە بەسەر دوو خولی پێشکەشکردنی داواکاری لە ساڵێکدا دابەش دەکرێت.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە مەرجەکانی شیاوبوون، پێداویستییەکانی داواکاری، جۆرەکانی پاڵپشتی دارایی و پرۆسەی هەڵبژاردن، لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانی کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان بەردەست دەبێت.

پەیوەندیی میدیایی و پرسیارەکان سەبارەت بە سندوق: سندوقی فیلمی کوردستان (Kurdistan Film Fund) - کۆمیسیۆنی فیلمی کوردستان
ئیمەیڵ: info.fund@creativekurdistan.krd
ماڵپەڕ: creativekurdistan.krd
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام: Filmkurdistan